# لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان

فەرهاد هەمزە محەمەد

ناردنــە دەرەوەی نــەوتی هەرێمــی کوردســتان لــە ١ /٦ /٢٠٠٩ رووداوێکــی مێــژوویی زۆر گرنگــە لــە ژیانی گــەلی کورددا کە ناکرێ وەك رووداوێکی تێپەڕ بــۆی بــڕوانین، گەلەکــەمان مافــی خۆیــەتی هــەموو ســاڵێك لــەو رۆژەدا یــادی بکاتــەوە. میــدیای کــوردی هەریەکــەیان لــە تێڕوانینــی خۆیانــەوە باسیان لــە لایەنــە پۆزەتیڤــەکانی ئــەو رووداوە کــرد، بــەڵام مــن لێــرە وەك ئەندازیارێکی جیۆلۆجی باس لەلایەنــە نێگەتیڤەکانیشی دەکەم .

لایەنە پۆزەتیڤەکان دوو تەوەر لــە خۆ دەگرێت ئابووری و سیاسیی.

لەڕووی ئابوورییەوە هەرچەندە داهاتی ئــەو نەوتــە ١٠٠٪ ناچــێتە خەزێنــەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام بوونی نــەوت لەهــەر شوێنێکدا دەبێتــە هۆی دروست بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لــە دامــەزراوەی نــەوتیی وەك پاڵاوگــە، وێــستگەی لێــك جیاکردنــەوە (محگــە العـــزل - diggasing station) وێــــستگەی کەپــــسکردنی غــــاز، وێــستگەکانی پــاك کردنــەوەی غــازە جیاوازەکــان، وێــستگەکانی پاڵنــان (pump station)، گومــانی تێدانیــە هــەموو ئــەو دامەزراوانــەی باسمــان لێکردن پێویستیان بە دەستی کرێکارو ئەنــدازیارو فەرمانبــەر، هەیــە کــە ســەرەنجام دەبێتــە هــۆی دامەزراندنــی ژمارەیــــەکی زۆر لــــە رۆڵەکانــــی وڵاتەکــەمان، بــا لێــرەدا پاڵاوگەیەکــی بێجــی بــە نموونــە بهێنمــەوە، پێــش دامەزرانــدنی پاڵاوگــەی بێجــی لــە هەشــتاکانی ســەدەی رابــردوودا بێجــی بریــتی بــوو لــە شارۆچــکەیەکی دوا کــەوتووی بــێ دەرامــەت کــە زۆربــەی دتنیــــشتوانەکەی لەبــــەر بێکاریــــی چــووبونە ریزەکــانی ســوپاوە، جگــە لــەوەی شارۆچــکەکە هیــچ دەرامەتێکی ئابووری نەبوو، بــەڵام بــە دامەزراندنــی ئــەم پاڵاوگەیــە لــەم شــوێنەدا ئــەو شارۆچکەیە بە تەواوی ژیایــەوەو زیاتــر لە ١٢ هەزار کارمەند لەو پاڵاوگەیە کار دەکــەن، وێــرای ئــەوەی رۆژانــە ســەدان تانکەری نەوت هەڵگر ڕوووی تێدەکەن، بێگومان لە کوردستانی خۆشمانــدا ئــەم گەشەسەندنە دێتــە دی، بــەڵام نــەك لــە چاو تروکانێکــدا، بــەڵکو پێویــستی بــە کات و کۆشش کردن هەیە.

لــە ڕووی سیاســیشەوە بایەخێکــی گــەورەی هەیــە، بــۆ یەکــەم جــارە لــە مێــژوودا ســامان و سروشــتی وڵات بــۆ خێــرو خۆشــی و ئــاوەدانی بــەکار بهێنرێــت و بــە دەســتی خەڵکەکــەی هەڵسوڕێنرێ، ئەگەر ژیرانە لەگەڵ ئەو سامانە ڕفتار بکــەین و ببێتــە مایــەی چەســــپاندنی دیموکراســــی، ئــــەوا کاردانەوەی تــەواوی لەســەر حوکمڕانــی حکومەتی هەرێم دەبێت و لە نێو کۆڕو کۆمــەڵگای نێــو دەوڵەتیدا پایــەی بــەرز دەبێــت، چــونکە یــەکێك لــە خاسیــەتە خراپــەکانی نــــەوت لــــە رۆژهەڵاتــــی ناوەڕاســتدا دروســت کردنــی سیــستەمی دیکتاتۆریەتە ئەگەر بە عەقڵ و مەنتــق مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ، رژێمی بەعــس نمونەیەکی زیندووی قسەکانمانە.

بایــەخێکی تــری سیاســی ئەوەیــە بــە تێکــەڵ بوونــی بەرژەوەنــدی ئــابووری هەرێم و وڵاتــانی دەوروبــەر دوور نیــە ئەوانەی رۆژانە پیلانیان لە ئەزموونــی هــەرێم دەگێــڕا سبەی ببنــە پــارێزەری ئەزموونەکەمان.

نامــەوێ لەمــە زیــاتر لــە لایەنــە پۆزەتیڤــەکان بــدوێم چــونکە زۆری لەســـەر ووتـــراوەو نوســـراوە، نامـــەوێ دووبارەیان کەمەوە.

لایەنـــە نێگەتیڤـــەکانی پرۆســـەی هـــەناردەکردنی نـــەوتی هـــەرێم کـــە بڕواناکەم کەسێك لێی دوا بێت لایەنــە هونەریەکانیەتی.

١.هەردوو کێڵگەی تەق تەق و تـاوکی لـە (زاخـــۆ) رۆژانـــە دەتـــوانن ١٠٠هـــەزار بـــەرمیل برێژنـــە نـــاو هێڵـــی ســـەرەکی عێـــراق ـــ تورکیـــاوەو لـــەوێوە ڕەوانـــەی دەرەوە بکرێت، کێڵگەی تاوکی لە زاخـۆ بـــە حوکمـــی ئـــەوەی نزیکـــە لـــە بـــۆڕی هـــەناردەی عێـــراق ـــ تورکیـــا ئـــەوا راستەوخۆ لە ڕێگەی راکێشانی کورتــە بۆڕییەکـــەوە کارەکـــە ئـــەنجام دراوە، کێشەکە لە کێڵگەی تەق تەقــە، چونکە زۆر دوورە لــەو بۆڕییــەوە، بــۆ ئــەم مەبەســتە چــەند مانگێــك لەمەوبــەر لەسەر داوای وەزارەتــی نــەوتی عێراقی لیژنەیەك لە کۆمپانیای نــەوتی باکوور پێــك هــات بــۆ تــووێــژکردن لەگــەڵ وەزارەتــــی ســــامانە سروشــــتییەکانی حکومــــەتی هــــەرێمی کوردســــتان،



وەزارەتی نەوت پێشنیاری وەها بوو بە درێــژایی ٦٢کیلۆمــەترو لەســەر ئەرکــی وەزارەتــی نــەوتی بەغــدا بۆرییــەك لــە تەق تەقەوە رابکێشرێت بۆ کەرکوك تا راســتەوخۆ نەوتەکــە برژێنرێتــە نــاو هێڵی عێراق ـ تورکیاوە بێ ئــەوەی بە هیــچ پرۆســەیەکی پــاك کردنــەوەدا تێپەڕبێت، چــونکە نەوتەکــە خۆی لــە شــوێنی خۆیــدا پــاك کراوەتــەوە، لیژنەکــەی حکومــەتی هــەرێم بەمــە رازی نــەبوو، دەیانویــست بۆریــەك لــە تەق تەقەوە بگەیەنرێتە قوشتەپەو لە وێــشەوە بــۆ وێــستگەی خورماڵــە لــە نزیك ناحیەی دیبەگە کە درێژەیەکەی ١٦٨ کیلۆمەتر دەکات، سەرەنجام لیژنەی وەزارەتــی نــەوت بەمــە رازی نــەبوون و کارەکــە بــێ ئــەنجام مایــەوە، ئێــستاش نــەوتی تــەق تــەق بەرێگــەی تەنکــەر دەهێنرێتــە وێــستگەی خورماڵــە کــە ئەمــەش رێگایــەکی زانستی و عەمــەلی نیە، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و بێ لایەنانــە باســی ئــەو کێــشەیە بکــەین، ئــەوا پێــشنیارەکەی لیژنــەی وەزارەتــی نــەوتی عێــراق راســترە، چــونکە ئــەو نەوتــەی تــەق تــەق هــەروەکو وتمــان پاککراوەیەو ئامادەیە بۆ هەناردەکردن کاتێك تێکەڵ بە نەوتەکەی خورماڵــە دەکرێت کــە هێشتا پاك نەکراوەتــەوە ئــەوا کــارێکی نازانــستییە، چــونکە ئــەو نەوتــە تێکەڵــە جــارێکی تــر دێتــە کەرکوك بۆ پاك کردنــەوە کــە ئەبێتــە هۆی لە دەست دانی هەندێك لە توخمە گرنگەکانی ناو نەوتەکە.

هــەروەها شــوفێری تانکــەر کــاتێ نەوتەکــە بــار ئــەکات، ئیتر ئــەو نەوتــە دەکەوێتــــە ژێــــر ڕەحمــــەتی ئــــەو شوفێرەوە، ئایــا بــڕی تــەواو بــار ئــەکات ئایا لە رێگەدا دەستکاری دەکات یان نا.

٢.پشکی کۆمپانیا بیانیەکان، تا ئێستا چ لەلایەن حکومــەتی هــەرێم و چ لەلایــەن حکومــــەتی بەغــــداوە بــــە رەســــمی رانەگەیەنراوە چۆن چۆنی پشکی ئەو کۆمپانیایانــە دەدرێــت کــە ســەرقاڵی گەڕان و دەرهێنــانی نــەوتن، هەرچــەندە شەهرســــتانی وەزیــــری نــــەوت بەرپرســــیارێتی پــــشکی کۆمپانیاکانــــی خستۆتە سەر حکومــەتی هــەرێم ئەگــەر ئەمــە هەڵوێــستی ڕەســمی حکومــەتی بەغــدا بێــت ئــەوا حکومــەتی هەرێــم قازانجێکی وەهای بەرناکەوێت.

٣.چاکتربوو پێش هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کێشەی گرێبەستە نەوتیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەرکرابایە چــونکە دوور نیــە بەغــدا جــارێکی تــر تەگەرە بخاتەوە بەردەم پرۆسەکە، پەنا بردنــی وەزارەتــی نــەوتی عێــراق بــۆ نـــــەوتی کوردســـــتان، هۆکارەکـــــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ شکــست هێنــانی لــە زیــادکردنی بــڕە نــەوتی هــەناردەی عێراقیی، لێرەدا پرسیارێك خۆی قیت دەکاتەوە ئەگەر لە ئاینــدەدا حکومــەتی بەغــــدا لــــە ئــــەنجامی هێنانــــی کۆمپانیایــەکی زۆری بیــانی بــۆ عێــراق توانــی بــڕی بەرهــەم هێنــانی نەوتــی عێــراق زیادبکــاو پێویــستی بــەو بــڕە نەوتــە کەمــەی هــەرێم نــەما ئایــا بــە دوور دەزانرێ بەغدا هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و نەوتی هەرێم رابگرێ؟

٤.کــەمیی دەســتی کــادری نــەوتیی، بــە حوکمی ئــەوەی هــەرێمی کوردستان لــە رابــردوودا هیــچ پرۆســەیەکی بەرهــەم هێنــانی نــەوتی تێــدا ئــەنجام نــەدراوە، هەر بۆیە کادری نەوتی تێدا پــەروەردە نەبووە، پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت لە کەرکوکیشدا قەدەغــە بــوو بــۆ کورد نزیکــی بکــەوێت، هــەر بۆیــە پێویــستە لەســــەر حکومــــەتی هــــەرێم کۆمپانیــــا بیانیــــەکان ناچــــار بکــــات بــــۆ پــەروەردەکردنی کــادری نــەوتی کــورد، ئــــەویش بــــە ئیــــش پێکردنیــــان بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر کێڵگەی نەوتییەکان و هــەروەها ڕەوانــەکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشداری کردنی لە خولی تایبەت بە بواری نەوت.




# شــەهیــدە ســـەربــەرزەکــان و بەرپرسە گەندەڵەکان

سەمەد چاوشین

لەهــەمو وڵاتێــك ئەوانــەی کــەخۆیان بۆئــازادی و ســەرفرازی گەلەکــەیان بەخــت دەکـــەن و گیانبـــازی لەگـــەڵ مـــەرگ دا دەکـــەن هەمیـــشە جێگـــای شـــانازی گەلەکەیانن . گــەلی کوردیش کــەدەیان ساڵە خــەبات دەکات دژی داگیر کەرانــی کوردســـتان ئەوانەشـــی کەشـــانیان دابـــووە بـــەر خـــەبات و بـــەرخودان هـــەر زوو جوانترین ووشەی کوردییــان بەبــەردا بــڕا کەئــەویش پێــشمەرگە بــوو کەناوێکــە پڕاو پڕمانا و خۆشەویستی یە . هەر چەندە لەسەر دەمی ڕژێمــە یــەك لــەدوای یەکــەکانی عێــراق تــیر و توانجــی زۆریــان لەپێــشمەرگە دەداو چــەندین نــاو و ناتۆرەیان لێنابوو کەئەوانــەش (مخرب ، متمرد ، ڕێگر و چــەتەو ..) چــەندین ناوی قێزەونی تر . کەلــەدوای پرۆســەی ئــازادی عێــراق هەمووشــت ئاشــکرا بــوو دەرکــەوت ئەوانــەی ئــەوناوەیان لەپێــشمەرگە دەنــا بەســەر خۆیــان جــێ بــەجێ بـــوو .. وە ئێـــستا بـــۆ ئـــارامی عێـــراقیش داوا دەکـــرێ لـــە هێـــزی پێـــشمەرگە کەبیپارێزێ ...

دەمەوێ بچمەر سەر ئەوباسـەی کە مەبەستمە بیخەمــە ڕوو ئــەویش ئــەوەبوو کۆمــەڵێك پێــشمەرگە و لێپرســراوی کۆمیتــەکان لــەو شەوانەباسیان لەخەباتــی نهێنــی لەســەر دەمــی بــەعس دەکــرد و هاتنــە سەرباسێکی قارەمــانێکی شــاری کەرکوك کەدیارە کەرکوك خاوەنی دەیان شــەهیدی قارەمــانی ســەربەرزە ، ئــەو شەهید سەربەرزەش (وەستا جەبار ) زۆر باسی قارەمانی کرا بــەڵام باسێك کــرا کەباســی مەردایــەتی و ڕەفتــاری ئەوشــەهیدە ئــەوە هەڵــدەگرێ نوســەران و ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان هەڵوێستەی لەسەربکەن و زۆر لەسەری بدوێن .

یــەکێك لەهــەڤاڵانی شــەهید باســی ئــەوەی کــرد کــەکاتی خــۆی شــەهید جــەبار ئیــشی بــاش بــوو لــەناو شــاری کــەرکوك . ئیــشی دەکــرد و گوزەرانــی بــاش بــوو کــەکاری دەکــرد ڕۆژانــە لــەپارەی خــۆی بڕێــك پــارەی دەبــرد و دەیدایــە ماڵــی شــەهیدەکانی کــەرکوك بەخانــەوادەی ئەوشــەهیدەی دەوت ئەمــە (یەکێتــی نیــشتمانی کوردســتان ) بــۆ ئێــوەی نــاردووە کەچــی (یــەکێتی ) هــەر ئاگاشــی لێنــەبوو پارەی گیر فانی خــۆی بــوو . ئەمــە چ دڵسۆزیەکە چ جوامێــری یەکــە بەڕاســتی شــەهیدان ڕاســتگۆ بــوون لەگــەڵ جەماوەرەکــەیان لەگــەڵ بــیر و باوەڕەکەیان ئەمە هەڵوێستی ئەوان بوو .

کەچی بەداخەوە بەرپرسی واهەیە (١٦) ساڵە پارە کۆدەکاتــەوە بــەڕێگای جۆراو جۆر بازرگانی دەکات بەژیانی شەهیدانەوە هەر چەند دەکات تێر نابێ . ســەیر لەوەدایە زۆر جاران بەرپرسان پارە وەردەگرن بەناوی شەهیدانەوە کەچی فێڵ لەشەهید و کەس و کاری شەهید دەکەن پارەکەش دەخۆن .

دڵسۆزیی شەهیدان لەوەدابوو لــەگیرفانی خۆیــان پارەیان دەدایــە کــەس و کــاری شــەهیدان و دەیــانوت ئــەوە پــارەی یــەکێتی یــە بــۆ ئێــوەی نــاردووە . بەرپرســە گەنــدەڵ و شــڕە خۆرەکــانیش بــەپارەی شــەهیدان کۆشــك و تــەلار دەکــەن .. لەچەندین کۆمپانیا بەشداری دەکەن . خۆشیان بادەدەن و لاف و گــەزافی ئــەوە لێدەدەن کە خەمخۆری شەهیدانن .

بائامارێك بکرێت و لەماڵە شــەهیدەکان بپرســن لەچوار ساڵی ئــازادی عێــراق و کــەرکوکا چــەند بــەرپرس ســەردانی کــردن . چــەند بــەرپرس دەســتی بەســەری مناڵی شەهیدان هێنا تا دڵنەواییان بکات .

بەرپرسـان هــەموو ســەروەت و سامانیان لەیــەك شــەو خــەرج بکــەن وادەزانــن درێژەدانە بەخەباتیان بەڵام ئەگــەر جل و بــەرگێ بۆمنــاڵێکی شــەهید بکــڕن .. وادەزانن زیانی گەورەیان کردووە .

بۆیە هەر شەهیدان سەربەرزن، چونکە ڕاستگۆ بوون، بەرپرسە دزو شــڕەخۆرو گەندەڵەکانیش تــەنها بۆمــێ بــازی ئــازان ... وادەزانــن کچــانی خــەڵك تــەنها بــۆ ئەوان دروست کــراوە وەکــو ئــەوەی خۆیــان خوشــك و دایکیــان نــەبێت بــەڵام بــا دڵنیابن چ بچێنن ئەوە دەدورنەوە .

# هــەڵبــژاردنــی ســــەرۆك لــە ئــێــرانـــــدا

ن/ ئەمیر تاهیری ـــ (الشرق الاوسط )
ئا / سالار عەبدوڵڵا

لە وتارێکی شیکاریی سیاسی سەبارەت بــە رووداوەکــانی ئێــستای ئێــران و بۆچوونی هەڵەی میدیاو دەزگاکانی راگــەیانــدنی رۆژئــاوا ســەبارەت بــە سیستمی دەسەڵات لە ئێراندا، نووسەر (ئەمیر تاهیری) بابەتێکی لەژێر ئــەو نــاونیــشانــەی ســەرەوە لــەرۆژنــامــەی (الشــرق الاوســط)دا بــڵاوکــردوەتــەوەو رۆژنــامــەی (الاتحــاد)یــش لــە ژمــارە (٢١٥٢)ی رۆژی (٢١ /٦ /٢٠٠٩) دووبــارە بــڵاویــکــردوەتــەوە ، لــەبــەر گــرنــگی بابەتەکە بەپێویستمزانی ناوەڕۆکی ئــەو بــابــەتــە بخــەمــە بــەردەســت خــوێنــەرانی کــوردزمــانــی (کــەرکوکــی نوێ).

(ئەمیر تاهیری) لەسەرەتای وتارەکەیدا دەڵێ:"بەدرێژایی هەفتەکانی رابردوو کــە پــرۆســەی هــەڵــبــژاردنــی تــێــدا بــەڕێــوەچــوو، زۆرێــك لــە مــیــدیــاو دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی، کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بەشێوەیەك لە شێوەکان بە وڵاتێکی دیموکراتی و ئۆلگۆی وڵاتانی تازەگەشەکردوو نیشان دەدا، تەنانەت ژمارەیەك لە پسپۆڕانی رۆژئــاوایــی وایــان بــڵاودەکــردەوە کــە (کاریگەریی ئۆباما، نزیکە ئێران بەرەو گۆڕانی ئاشتیانە بەرێ)، بــەڵام شــەوی هــەیــنــی رابــردوو، ئــەم ئــاوازە گــۆڕا، کۆماری ئیسلامی ئێران ئیتر وەکو وڵاتێکی کەم تا زۆر دیموکراتی نیە، هەروەها ئیتر سەرۆك ئۆباماش بە وتارە پڕوێژەییەکانی نزیك نیە بەسەر ئێراندا زاڵ بێ، بەڵکو ئاوازی نوێ تێکەڵێك بوو لە توورەیی و بێئومێدی، ئەویش لەژێر دروشمی (ساختەکاریی مەزن لە هەڵبژاردندا) ئەمەش بوو بە بابەتی زاڵ".

تاهیری ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی هــەروا بــە زوویــی ئــاوازی ئــەو راگــەیــانــدنــانــە پــاش راگــەیــانــدنــی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن گۆڕا:" دەڵێ:" ئــەم گــۆڕانــە گــەورەیــە هــۆکــارەکــەی ساکارە، ئەویش لەبەر ئەوەی میر حــوســێــن مــوســەوی کــە زۆربــەی دەزگاکانی راگەیاندن، رەنگە ئیدارەی ئۆباماش پێیانخۆش بوو سەرکەوێ، سەرنەکەوت".

هەروەها نوسەر دەڵێ:"ئەحمەدی نەژاد کە بەدرێژایی چوارساڵی رابردوو، وەکو مۆتەکەی سەرسنگی واسنتۆن بوو، بە پێنج قات لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەنگی هێنا، ئەمەش کۆتایی بەو بیرۆکەیە هێنا کە رەنگە بشێ کۆماری ئیسلامی ئێران لە میانی گۆڕانی ناوخۆداو بە ئیلهام و سیحری جیهانی ئۆباما بگۆڕێ، بەڵکو ئەحمەدی نەژاد سەرسەختانەتر لەرابردوو دەگەڕێتەوەو سوورە لەسەر ئەوەی کە گوڵلەی بەزەیی بە ئــەمریکاوە بنــێ، کــە بــە کائینێکــی ئیفلیجی وەسف دەکا".

تــاهیری دەپرســێ:" کەواتــە ئــەوەی روویــدا چــییە؟" وەڵامداتــەوەو دەڵــێ:"ســەرەتا ئــەو بیرۆکەیــەی کــە



ئەحمــەدی نــەژاد ســەرنەکەوێ، خــۆی لەخۆیدا خــەیاڵی بــوو، چونکە هــەموو ســەرۆکەکانی کۆمــاری ئیسلامی ئێــران کە بۆ جاری دووەم کاندید کراونەتەوە، ســەرکەوتوونەتەوە، هیــچ هۆیەکیــش نیە کە ئەحمەدی نەژاد لەم بنەمایــە ئاوارتــە(استثناء)بــێ، بنەمانــەوێ نەمانــەوێ، ئێــستا نــەژاد لەنێــو بزتنــەوەی خومێنیزمــدا خاوەنــی زۆرتــرین بنکــەی جەماوەرییــە، سروشتیشە لــە سیستمی خومەنیزمــدا کەسێکی وەکو نەژاد سەرۆك بێ"

نووســەر دەربــارەی ســاختەکاری لــە هەڵبژاردنەکانیــشدا دەڵــێ:"ئــەوەی راستییە تا ئێستا هیچ یەکێك لــەو سێ کاندیدکراوانـــە بەبەڵگـــەوە هیـــچ ســـکاڵایەکی رەسمییـــان پێـــشکەش نەکردوە".

هــەروەها دەڵــێ:"بــەڵام ئەوەی کە ئەو کاندیدکراوانــە کردیــان، ریــسواکردنی هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئێران بــوو، چــونکە سیستمی هەڵبژاردن لــە کۆماری ئیسلامی ئێرانــدا ســەیرە، بــەو مانایــەی تــەواوی هەڵبژاردنــەکان لــە کۆمــاری ئێرانــدا ساختەیە، چونکە وەکو ئەو وڵاتانەی کە سیستمی دیموکراســی تێیانــدا پــەیڕەو دەکــرێ، لیژنەیــەکی ســەربەخۆ چاودێری ناکــا، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە دەســەڵات بڕیــار دەدا کــێ دەتوانــێ خــۆی کاندیــد بکــاو پاشــــان مەرجــــەکانی کەمپینــــی هەڵبــژاردن و ئــەو سیماکانیــشی دیــاری دەکــاو دەیــسەپێنێ و هیــچ لایەنێکــی چاودێریی و پشکێنەری سەربەخۆ نیە، رێکخــەرانی هەڵبژردنەکــەش خۆیــان دەتوانن ئەو ئەنجامەی کە ئارەزوویانــە رایبگەیەنن".

هـــەر ســـەبارەت بـــە ســـاختەکاریی دەڵێ:"لە (٢٠) پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ساڵی ١٩٨٠ەوە کە (٩) یان هەڵبژاردنــی سەرۆك بوون، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنــە ســاختە بــێ، کەواتــە ئــەوانی تریــش ساختەبوونە، خودی (موسەوی) کاتێــك بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆك وەزیــران بوو، گەر ئەو پرانسیپە قبوڵ بکــەین، کەواتە لانی کەم پشکی لە ساختەکاریی پێنج لەو هەڵبژاردنانــە هــەبووە، بــەڵام (کــەروبی) کــە ســەرۆکی ئەنجومەنــی ئیسلامی بوو بۆ مــاوەی هەشــت ساڵی دوای بــەدوای یــەك لــە ئەنجامــی هەڵبــژاردنی ســاختەکارییدا ئــەو پۆستەی بەدەستهێناوە"

ســەبارەت بــە کــەروبی و موســەویش دەڵێ:"لەکارنامەی موسەوی و کەروبیدا هیــچ شــتێکی وانیــە کــە لــە ئەحمــەدی نــەژاد زیاتر جێی سەرنجراکێشان بن، موسەوی لە کاتێکدا سەرۆك وەزیران بوو، لە مێژووی ئێرانی دوای شۆڕشی خومــەینی خوێنــاویترین مــاوە بــوو، بەبەرچاوی ئەوەوە دەیان هەزار کەس لە دەستگیرکراوانی سیاسی کە زۆر جار بــەبێ دادگاییکردن لــە سێدارە دەدران، کــەروبیش کــاتێ ســەرۆکی پەرلــەمان بــوو، هەنــدێ لــەو یاسایانەی تێپەڕانــد کە کە لەمێژووی کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوتووترین یاسا بوون".

لــە کۆتــایی وتارەکەیــدا تــاهیری دەڵــێ:" کەسایەتی ئەحمەدی نەژاد لە سیستمی خومەینیدا رابــەرێکی سروشــتیی ئــەو ســیــــستەمەیە، ئەحمــــەدی نــــەژاد تایبەتمەنــدێتی لەوەدایــە کــە بــە خەسڵەتێك خــۆی نیــشان نــادات کــە نیــەتی، ئــەوەی کــە ئێــران پێویستێتی کۆپیەکی کاڵی سیستمی خومەینی نیە، وەك ئــــەوەی موســــەوی و کەروبــــی پێشنیاری دەکــەن، بــەڵکو پێویــستی بــە رێگایەکــە کــە ئێــران لــەو قەیرانــە مێژووییــــە رزگــــار بکــــا، ســـیــستمێك هاوردوویەتییــە ئــاراوە کــە ئێرانــی لــە رووی نێودەوڵەتییـــەوە کـــردوە بـــە دەوڵــەتێکی بێــزراو و نەتــەوەی ئێــران بــەرەو رۆخــی شــەڕی نــاوخۆ دەبــا، لەئــەنجامی پرۆســەیەکی هەڵبژاردنــی شەرمێهێنەردا بووە بەجێگای گاڵتەی جیهان".